# ئاژانسی هەواڵی پەیامنێر



...NER NEWS AGENCY

## زانکۆی گەرمیان بۆ ساڵی نوێی خوێندن دوو بەشی زانستیی نوێ دەکاتەوە و بەشێکیش دادەخات

**Jul/20/2013 [18:25]**

گەرمیان ٢٠تەممووز/یۆلیۆ (PNA)- بەپێی پلانی وەرگرتنی خوێندکاران لە زانکۆی گەرمیان بۆ ساڵی نوێی خوێندن(2013-2014) نزیکەی 600خوێندکار وەردەگیرێت. بەڕێوەبەری تۆماری گشتیی زانکۆکەکەش رایدەگەیەنێت، دوو بەشی نوێ کە بریتین لە زانستی کۆمپیوتەر و سامانی ئاژەڵ دەکەنەوە و بەمشێوەیەش لە کۆی 23بەش 22بەشی زانکۆی گەرمیان قوتابی وەردەگرێت، چونکە داوای هەڵپەساردنی بەشی وەرزش لە سکوڵی پەروەردەی بنەڕەتی لە کەلار کردووە.

بەڕێوەبەری تۆماری گشتیی زانکۆی گەرمیان، "دلۆڤان فایەق" بە ئاژانسی هەواڵی پەیامنێری رایگەیاند: بۆ ئەمساڵی نوێی خوێندن تواناى وەرگرتنی خوێندکاران لە زانکۆی گەرمیان بەپێی پلانی پەسەندکراوی ئەنجومەنی زانکۆ 593خوێندکار دەبێت.

دلۆڤان فایەق گوتی: بۆ ئەمساڵی خوێندن دوو بەشی نوێی زانستی دەکرێنەوە و خوێندکاران وەردەگرن، ئەوانیش بەشی زانستی کۆمپیوتەر لە کەلار و بەشی سامانی ئاژەڵە لە کفری و بەوەش سەرجەم بەشەکانی زانکۆی گەرمیان دەبێتە 23بەش.

بەڕێوەبەری تۆماری گشتیی زانکۆی گەرمیان روونیشی کردەوە: داوای هەڵپەساردن بۆ بەشی وەرزش لە سکوڵی پەروەردەی بنەڕەت سەر بە فاکەڵتی پەروەردە لە کەلار بۆ ساڵی نوێی خوێندن بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەرزکراوەتەوە. ئەمەش بەهۆی کەمیی ستاف و کەرەستەی پێویست، لە هەمان کاتیشدا لەبەر ئەوەی بەشی وەرزش لە فاکەڵتی خانەقین هەیە بۆیە داخستنی بەشی وەرزش گرفتێکی ئەوتۆ نابێت.

دلۆڤان فایەق ئاماژەشی دا، بە پلانەکەیان بۆ ساڵی خوێندنی 2013-2014 لە کۆی 23بەش 22بەشی زانکۆی گەرمیان خوێندکار وەردەگرێت و ئەو پلانە بەرزکراوەتەوە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە مەبەستی بڕیاردان لەسەر پلانی کۆتایی.

سیروان حەسەن/X.A

Like 30 Delicious FriendFeed






گەڕانەوە بۆ قوتابخانە






ماڵەوە | پێناسە | گەلەری | ئەرشیف | پەیوەندی

006 - 2011 © Peyamner.com, All rights reserved